# شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی لە دڵی میللەتا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە

دژوار عەبدولقادر

هیچ گومان لەوەدانییە کە نەتەوەی کورد هەرگیز تەسلیمی قەدەر نەبووەو هەمیشە لە پێناو بەدەستهێنان و چەسپاندنی مافەکانی خۆی وەک نەتەوە لەهەوڵ و تەقەلاو تێکۆشان بەردەوام بووە. هەروەها هیچ زێدەڕۆیش نییە گەر بڵێین خانەوادەی بارزانی یەکەم بەردی بناغەی ئەو قوتابخانەیان داناوە کە مرۆڤی کورد بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی شاد بێت، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بارزانی و هاوکاری کردنی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بارودۆخ لە تێکۆشانەکان بەهێزتر بووە، ئەوەتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە کوردستان بەشێکی دانبڕاوی ئەوە، هەروەها بەهۆی کاریگەرێتی نفوزو بەرژەوەندییە جۆراو جۆرەکانی بڕیار بەدەستانی ناوچەکەو جیهان، دووچاری چەندین نسکۆو شکست کراوەتەوە. واتە لەم ڕێگایەدا چەندین کەڵەمێردی پڕ لە جەوهەری کوردایەتی و پڕ ئەزموون سەریان ناوەتەوە.

ڕاستە مردن و ژین بەدەستی خوای تەبارەک و تەعالایە، بەڵام ئەم هەواڵە دڵتەزێن و جەرگبڕەی(هەواڵی ماڵئاوایی کردنی کاک ئیدریس بارزانی) ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ لە سەرانسەری کوردستانی بریندار هەستاوە سەرپێ بڵاو بۆوە، برینێکی دی خستە جەستەی میللەتەکەمان، چونکە ئەو سەرکردە تێکۆشەرە لە کاتێکی ئەستەم و لە ترۆپکەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پڕ لە بەخششی خۆیدا ماڵئاوایی لەگەڵی کوردستان کرد، بەمەش گەلەکەمان دووچاری کۆستێکی گەورە بۆوە، مەرگی ئەو سەرکردە تێکۆشەرە بۆشاییەکی گەورەی لەناو پارتی و بزاڤی کوردایەتی بەجێهێشت، واتە لە ڕۆژگارێکدا بوو کە لەهەموو کات زێتر میللەتەکەی پێویستی بە جوامێری و عەدالەتخوازی و سیاسەتوانی بوێری وەک ئەو هەبوو.

## سەرکردەی جوانەمەرگ و مەزلومی گەلەکەمان

ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزن و شکۆدارە بوو کە شێخ عەبدولسەلامی گەورە بەردی بناغەی بۆ داناو نەمرانی وەکو شێخ ئەحمەدو مستەفا بارزانی لەو قوتابخانەیە گەورە بوون و تیایدا قاڵبوونەوەو هەموو ژیانیان لە شۆڕش و ڕاپەڕین و خەمی گەلی کوردستان بەسەر برد. ئەوەی لە هەموو لایەک ئاشکرایە دەرچووانی ئەم قوتابخانەیە وشەی (ماندوبوون) لە فەرهەنگیان دانەبووەو نییە، ئەوەتە ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵ شەهیدی جوانەمەرگ ئیشیان کردووەو دەیناسن دەڵێن:« شەهید ئیدریس بە بڕوایەکی پتەو و دووربینی لە سیاسەت و شەڕی پارتیزانیدا وەکو سەرکردەیەکی زێدە لێهاتوو بەرەنگاری ئەرک و ڕووداوە ئاڵۆزو سەختەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان دەبووەوە».

سەرکردەیەکی پڕ لە گڕوتین و توانا بووەو هەمیشە حەزی لەکاری خێرو چاکەی هەموو مرۆڤێک کردووەو دژی کاری چەوت بووە. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە بەرزەکانی کاک ئیدریس(ڕەحمەتی خوای لێبێ) ئەوەبوو کە قەت لە گیروگرفت ڕای نەدەکرد.

بیرو هزری ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرە هەمیشەو هەمیشە بە مەسەلەی کوردو کوردستانەوە سەرقاڵ بوو. هەرچییەکی بە پێویست زانیبایە بۆ بەرەوپێشڤە چوونی کێشەی کورد ئەنجامی داوە.

واتە هەمیشە بۆ ئەوە کاری دەکرد کە گەلی کورد بە سەلامەتی بگەیێنێتە کەناری ئەمان.

## ڕۆڵی سیاسیی ئەو جوامێرە

وەکو لە پێشەوە گوتمان کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەو قوتابخانەیە دەرچوو بوو کە لە وانەکانی خێری گشتی و کوردایەتییەوە یەکەم بوو. سەرەتای ژیانی لە ڕاپەڕینەکانی بارزان و کۆماری مەهابادو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا بەسەر برد. هەر لە ساڵی١٩٤٧ـ ەوە کاتێک بارزانیی نەمر بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چوو، ماوەی(١١) ساڵی ڕەبەقی لە بەسرەو بەغداو موسڵ ژیانی ئاوارەیی بەسەر برد تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨.

هەروەها کاتێک لە ساڵی ١٩٦١دا شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا دەستی لە خوێندن هەڵگرت و بووە پێشمەرگەی کوردستان.

لەو ماوەیەشدا زۆر پلەو پایەی حزبایەتی دیوەو لە ساڵی ١٩٧٠دا ئەندامێکی کاریگەری وەفدی وتووێژی نێوان شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراق بوو. لە کۆنگرەی هەشتەم لە ساڵی١٩٧٠دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دواتریش بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتکاری بەشی عەسکەری.

دیارە دوژمنان دەرکیان بە ڕۆڵی سیاسییانەی ئەو سەرکردە تێکۆشەرە کردبوو هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی عێراقدا، هەر بۆیە لە چرقەی نیوەڕۆداو لە شەقامێکی پایتەختی عێراقدا ئۆتۆمبیلەکەی درایە بەر دەست ڕێژی گوللە، واتە لە کاتێکدا هێشتا مەرەکەبی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وشک نەبیۆوە، بەڵام ئەوەی ڕاستە ئەوەیە گوللەو پیلانی نامەردان بەسەرکردەی ئازاو بە ئەزموون ناوێرن.

هەر لەبەر ئەوە بە سەلامەتی دەرچوو، دوابەدوای پیلانی شومی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، لە دامەزراندن و جێ و ڕێ کردنەوە بۆ ئەو خەڵکە دەربەدەرە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، بەمەیش توانی نەخشەو پیلانەکانی دوژمن بخاتە پەراوێزی مێژووەوە، هەروەها لە دامەزراندنەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ڕۆڵی سەرەکی بینیوەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە لەبارنەبوو، زۆر بە نهێنی کاری حزبی ئەنجام دەداو ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی یەکەوەگرێدانی ئەڵقەکانی ڕێکخستنی دەکردو خۆی سەرپەرشتی ناردنەوەی پێشمەرگەی دەکردو ڕای دەسپاردن کە چۆن دەست بە شۆڕش بکەنەوە، واتە لە کاری ڕێکخستن و دیسپلینی حزبیدا قایمکارو نهێنی پارێزو بە خۆ ڕاگرێکی خەباتی ژێر زەمینی ناسراو بوو، زۆرجار لە ترسی ساواکی ئێران بریندارەکانی شۆڕشی لەژێر زەمینی ماڵەکەی خۆیدا شاردۆتەوەو تیمار کردووە، بێ ئەوەی نزیکترین کەسی ناو ماڵ ئاگاداربن. دکتۆر سەعید لە کتێبی (ئیدریس بارزانی مەشخەڵی شۆڕشی گوڵان)دا دەبێژێ:

«هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئێمەدابوو، لە هەر کارێکی عەسکەریش ئەگەر ئەومان لەگەڵ بوایە ئەوە سەرکەوتنمان مسۆگەربوو». ئەم سەرکردە تێکۆشەرە تەنها لەناو کورد ڕۆڵی نەبوو بەڵکو لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقیشدا ڕۆڵی لەوە کەمتر نەبوو، هەروەها لە خستنەڕووی مەسەلە تایبەتییەکانی پەیوەست بە کوردو عێراق زۆر بوێرانە بوو، ئەو کاتەی هێزەکانی عێراقی (مؤتمر نصرة الشعب العراقي) لە تاران کۆبوونەوە بە کوردو عەرەبەوە لەسەر ئاییندەی عێراق گوتی: «کەس مافی ئەوەی نییە شێوەیەکی تایبەتی بۆ حوکمی ئاییندەی عێراق فەرز بکا دەبێ تەنها میللەتی عێراق بەهەموو ئازادی و دیموکراتییەکەوە ئەو بڕیارە بدات و حوکمی خۆی هەڵبژێرێت».

ئەم قسەیەشی مەغزای خۆی هەیە کە دەبێ گەلانی عێراق پێکەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن نەک لە دەرەوە بۆیان دیاری بکرێت.

## ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی کورد

وەکو گوتمان هەر چییەکی بە پێویستی بزانیبایە بۆ بەرەو پێشڤەچوونی کورد، بێ سڵەمینەوە ئەنجامی دەداو لە پێناوی ئاشتی و ئارامی کوردستان و ڕیزبەندی گەلدا هەوڵێکی بێ وچانی داو لەسەر دەستی ئەودا ئاشتبوونەوەی گشتی هاتە بەرهەم و بوو بە هەوێنی دروستبوونی بەرەی کوردستانی نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی بە باڵادا بڕا. ئەم دەرسەشی لە قوتابخانەی بارزانیی نەمر وەرگرتبوو، چونکە پێشتریش لە دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار هەمیشە لە هەوڵی یەکڕیزی گەلی کورد دابووە.

## ئەدگارو خوو و خەسڵەتەکانی

لێرەدا بە پێویستمان زانی کورتەیەک لە ئەدگارو خوو خەسڵەتەکانی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بنووسینەوە کە کاک فرەنسۆ هەریری دیاری کردوون کە یەکێک بووە لە هەرە نزیکەکانی کاکی هەمیشە زیندوو:

* ئەقڵ و هزرو بۆچوونی لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو.
* بەخشندەو مرۆڤ دۆست بوو.
* ماندوو نەناس بوو.
* دووربین و وردبین بوو.
* لە کارکردندا زۆر یەکلاکەرەوەو بە بڕیار بوو.
* وەڵامی بۆ هەموو کەسێک هەبوو.
* شەخسیەتێکی زۆر بەهێزی هەبوو زوو خۆشەویستی و سۆزی خەڵکی بۆ خۆی رادەکێشا.
* سادەو لە خۆ بردوو بوو.
* مرۆڤێکی ئیماندارو بڕوای بە خوا سنووری بۆ نەبوو.
* هەڤاڵ دۆست بوو.
* ئەدەب دۆست بوو.
* مرۆڤێکی زۆر موسلیح بوو.
* مرۆڤێکی کوردستانی بوو.
* لەگەڵ کاک مسعود نەک هەر برا بوون بەڵکو براو هەڤاڵی یەکتر بوون.
* بۆ منداڵەکانی خۆی جگە لە باوکایەتی، مامۆستاو قوتابخانەش بوو.
* بۆ خۆی بەتاقی تەنها حزبێک بوو.
* پشوو درێژ و ئارامگر بوو.
* بەرامبەر درشت و هوردی مەسەلەکان خۆی بە بەرپرسیار دەزانی.
* پیاوی تەنگانەو ئەرکە قورسەکان بوو.

واتە لەم ئەدگارو خەسڵەتانەوە دەردەکەوێت کە کارو گفتار بە لای ئیدریس بارزانییەوە لێک جودا نەدەکرانەوە، هەموو ژیانی ئاوێتەی شۆڕش ببوو، جگە لەوەی کە خاوەن دایەلۆگی تایبەتی خۆی بوو لە کاروباری سیاسیدا، هەمدیس لە ڕووی زمانەوانیشەوە شارەزایی لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا هەبوو، هەروەها شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری لەبەربوون.

## کۆستی ناوەخت

بەڵام بۆ بەدبەختی کوردان و لە ڕۆژگارێکی زۆر ناسکدا ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ سەرکردەی تێکۆشەر(ئیدریس بارزانی) لە بارەگای خۆیدا لە ناحیەی (سلیڤانا)ی سەر بە شاری ورمێ لە کاتژمێری ٥ر٦ی سەر لە ئێوارە دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە کوردو کوردستان کرد و لە تەنیشت بارزانیی نەمری سەرۆکی ڕۆحی نەتەوەی کورد لە (هەلەج)ی کوردستانی ئێران بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

ئەودەمەش کە سەرۆک مسعود بارزانی بە هۆی کاری شۆڕش سەرقاڵبوو لەناو خاکی نیشتماندا، ڕۆژی ١٩٨٧/٢/١ بروسکەیەکی ئاراستەکرد ، لێرەدا تەنها ئەو پەرەگرافەی خوارەوە وەکو خۆی دەنووسینەوە، کە دەڵێ:

«چاکترین وەفاداری بۆ برای جوانەمەرگمان ئەوەیە درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆمان بدەین تا ئەو کاتەی ئاواتی گەلەکەمان دێتەدی، هەموو ئەندامێکی پارتی و هەموو پێشمەرگەیەک و هەر کوردێکی دڵسۆزو شەرەفمەند بۆ من ئیدریسێکە و یاداشتەکانی بۆ هەتا هەتایێ لەناو دڵ و دەروونماندا دەمێننەوە».

بەڵێ، ئێستاش بڕێک لە ئاواتەکانی سەرکردەی هەمیشە زیندوو هاتۆنەتەدی، هەر بۆیە لە ١٩٩٣/١٠/٦دا لەسەر ڕاسپاردەی کۆنگرەی یازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ تەرمی بارزانیی نەمر لە پێشوازییەکی بێ وێنەی شایستە بە مێژووی پڕ سەروەری نەمرانەوە هێنرایەوە کوردستان و لەمەزارگەی نەمران بە خاک سپێردرایەوە.

بەڵێن بێ لە کورد هەتا سەر ڕێبازی بارزانی بەرنەدەین و ڕێبازی پەیام هەڵگری ئاشتی و پاڵەوانی شەڕی بەرگریش قەت ون نەکەین، کە بۆ هەتا هەتاییش هەر بە زیندوویی لەناو دڵی میللەتا دەمێنێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە(٢٧٦٦)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١/٣١«بەیادی تۆوە ئیدریس»، موحسین دزەیی.**

**٢- ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە(٢٧٦٦)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١/٣١ دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز(نەسرەدین مستەفا)وە.**

**٣- ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە(٢٢٦٦)ی ڕۆژی ١٩٩٧/١/٣٠ کە تایبەت بوو بە دەیەمین ساڵڕۆژی یادکردنەوەی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.**

**٤- ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە(٢١٥٥) ی ڕۆژی ١٩٩٦/١/٣٠ خەمی ساڵی نۆیەم، نووسینی سەعید یەحیا، وەرگێڕانی حەیدەر عەبدولڕەحمان.**

**٥- ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە(١٨٦١)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١/٣١ لە یادی حەوتەمین ساڵڕۆژی ئیدریس بارزانی شەهید (چەند لاپەڕەیەکی پرشنگداری ژیان و خەباتی).**



دوا وێنەی شەهید ئیدریس بارزانی کە لە ساڵی ١٩٨٧ز گیراوە



شەهید ئیدریس بارزانی وتارێک بۆ جەماوەر لە کاتی ناشتنی تەرمی بارزانیی نەمر لە ئاداری ١٩٧٩ دەخوێنێتەوە، لە وێنەکەدا سەرۆک مسعود بارزانی لە دەستە چەپی شەهید ئیدریس وەستاوەو لە دەستە راستیش شێخ محەمەد خالد بارزانی.

## ئەمڕۆ

فەرهاد عەونی

ڕۆژێکی زۆر ساردو بەفراوی زستانی ساڵی (١٩٧٥) بوو کە باشم دێتەوە یاد، لە مانگی شوباتی ئەو ساڵە بەشێکمان لە کارمەندانی ئەمینداریێتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان، کە یەکێک بوو لەو ئەمینداریێتیانەی دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤ لەناوچە ئازادکراوەکاندا دامەزرابوو، ڕۆژانە ئەو دەزگایە سەرقاڵی ئەو ئەرکانە بوو کە بۆی دیاریکرابوو، وا بزانم خەڵکی تا ئێستاش ئەو ئەمینداریێتیەیان لەبیر ناچێت کە چ ڕۆڵێکی بەرچاوو گەورەی لە ژیانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا دەدیت و شۆڕەسواری ئەم مەیدانەش (دارا تۆفیق)ی غەدرلێکراو بوو، کە بیست ساڵ پێش ئێستا لە بارو دۆخێکی نادیارو لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدای (دار السلام)دا رفێندراو ئێستاشی لەگەڵدابێت، رووباری دیجلە نەیتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کە ئاخۆ ئەم تاوانە چۆن ئەنجامدرا.

ئێمەی پێنج کارمەندی ڕاگەیاندن، لەو ڕۆژە ساردو سڕەی ناوچەی ئازادی نزیک شارۆچکەی حاجی ئۆمەران، کە هەموو ئەو برادەرانە شوکر بۆ خوا لەژیاندا ماون، لەگەڵ دارا تۆفیقی جوانەمەرگدا بۆ راپەڕاندنی کارێک لە یەکێک لەو خانوانەی ئازادی کە بەشێک لەو کارمەندانەی ڕاگەیاندن لەوێ دەژیان، سەرقاڵی جێبەجێ کردنی کارەکانمان بووین، وەختێکمان زانی (ئیدریس بارزانی) هەمیشە زیندوومان، لە پڕ لێ وەژوورکەوت و بەزەردە خەنەیەکەوە، رووی تێکردین و گوتی «خۆ کارم لێ تێک نەداون، وا دیارە لەم ڕۆژە ساردەشدا ڕاگەیاندن هەر گەرمە» هاتنەکەش هەر بۆ سەردان و بەسەر کردنەوەی برادەران بوو، پاشماوەیەکی کورت یەکێک لە پاسەوانەکانی هاتە ژوورەوەو نامەیەکی دایە دەستی کاک ئیدریس، پاش خوێندنەوەی نامەکە، بەپاسەوانەکەی گوت با بێتە ژوورەوە، زۆری پێنەچوو، کابرایێکی تەمەن پەنجا ساڵە، لەروسیماشی دیاربوو کە خۆی بە شتێک دەزانی، هاتە ژوورەوەو سڵاوی کردو ئیدریسی نەمریش دوای وەڵامدانەوەی سڵاو، رووی لە کابرا کردو پێی گوت: {فلان.. (ناوەکەی گوت و تا ئێستاش ناوەکەیم هەر لەبیرماوە) سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، مافی خۆیەتی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا دروست بکات، لە پێناوی بەرژەوەندی شۆڕش، کە هەموو گەلی کوردستانی پێوە بەندە، هەروا لە هەمان کاتیشدا، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتیش هەیە، هەموو شۆڕشێکیش لەم دونیایەدا، لە دەرفەت دەگەڕێ بۆ جۆرێ لە پەیوەندی،...... بەڵام ئەم کارەی تۆ دەیکەیت، راستەوخۆ کارێکی جاسوسیە، کە دەتەوێ لەسەر ئەم خیانەتە بژیت، چونکە پەیوەندییەکانت لەگەڵ (...) بۆ کاری جاسوسی نەبێت، بۆ هیچی دیکە نییە، پێویستە لەمڕۆ بەدواوە، واز لەم کارە لەعنەتیە بێنیت، دەنا تۆشی ریسوابوونێکی گەورە دەبیت کە خوداو میللەت نەفرەتی لێدەکەن، کەسیش لەکاری سیخوڕی سوودمەند نەبووە} پاشماوەیەک بێدەنگی، کابرای تاوانبار، رووی لە کاک ئیدریس کردو گوتی (قوربان قسەکانت نەخشی سەر بەردن، پەیمان بێت لە ئێستاوە بە قسەی بەڕێزتان بکەم و ئەوەی خێری بۆ کوردو کوردستان نەبێت نەیکەم).

لە پاش راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) وە سنووری کوردستان بەهۆی ئەم بارودۆخە تایبەتییەوە، بە تەواوەتی کراوەیە، چونکە تاکو ئێستا بە تەواوەتی کۆنترۆل نەکراوە، کە ئەمەشیان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی کوردستان و ئەو تێکەڵاویەی کە دروست بووە، و تارادەیەکیش کارێکی لەم چەشنەی ئاسان کردووە، کە هەندێ کەسی نەفس نزم لە بەرامبەر بڕێک پارەی حەرام، (کە یەزدانی گەورەو هەموو ئایینە پیرۆزەکان و خەڵکی بە شەرەفی کوردستان نەفرەتی لێدەکات) خووی بەم عیلەتەوە گرتووە، بۆ ئەنجامدانی کاری سیخوڕی و دانانەوەی بۆمب و تەقاندنەوەی دوکان و تیرۆرکردنی خەڵکی بێ دەرەتان، ئەمەش هەمووی لە پێناوی نانەوەی ئاژاوەو دروستکردنی دوو بەرەکی و شێواندنی بارودۆخی ئەم ئەزموونەیە کە بۆتە مایەی ئومێدو خەونی چەندان ملیۆن کەسی ستەمدیدەی دەستی ڕۆژگارو قوربانی غەدرلێکردنی ئەم وڵاتانەی کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەردەوام بوونی ئەم ئەزموونە دا نین و تەنانەت خەریکی بەکرێگرتن و هاندانی خەڵکی نەفس نزم و ئەو خۆفرۆشانەن کە ئیدریس بارزانی بەهەشتی لە رووبەڕوو بوونەوەی یەکێک لەم جۆرە خەڵکە ئاسا، گوتی «واز لەم کارە لەعنەتییە بێنە، دەنا تووشی ریسوابوونێکی گەورە دەبیت، کە خواو میللەت نەفرەتی لێدەکەن و کەسیش لەکاری سیخوڕی سوودمەند نەبووە».

برایەتی
BIRAYETI

ناوونیشانی برایەتی لە ئەنتەرنێت:
http://www.brayeti.com
E-mail:brayati@axford.com

Daily newspaper *Kurdistan - Iraq*

خاوەن ئیمتیاز:
**جەوهەر نامق سالم**

سەرنووسەر:
**فەرهاد عەونی**

دوو شەممە ٢٠٠٠/١/٣١ ژمارە (3019)


## لە وتە پرشنگدارەکانی ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو



ئومێدی پارتیمان ئەوەیە کە هەر جێگەی بڕواو متمانەی گەلەکەمان بێ، لەو فیداکاری و قوربانیدانە کە پارتیمان تا بە ئەمڕۆ دەگا ئاشکرایە کە سوورە لەسەر خزمەت کردنی مەسەلە ڕەواکەمان.
بارزانیی نەمر فێری کردین کە هەمیشە خۆمان بە خزمەتکاری گەل بزانین و بە هیچ سەرکەوتنێک لەخۆ بایی نەبین، هەر بۆیەش ئەوەمان بەلاوە گرنگ نییە کە ڕۆڵی ئێمە چ ناوێکی لێ دەنرێت، بەڵکو ئەوەمان بەسە کە بتوانین ئەمانەتی گەلی کورد و بەرگری لە مافەکانی تا دوا هەناسەو دواتینی هێزو توانامان هەڵبگرین.
**ژمارە(٩)ی گۆڤاری مامۆستای کورد**

# ئیدریس بارزانی وێنەیەکی لە یەکچووی بارزانیی نەمر



ئەوەی ڕۆژێک لەگەڵ ئیدریس بارزانی ژیابێت و ئەمڕۆکە بیەوێت یەک دوو قسە دەربارەی ئەو پیاوە مەزنە هەڵکەوتووەی مێژووی کورد قسە بکات، تووشی دوو حاڵەتی نائاسایی دەبێت:
یەکێکیان ئەوەیە کە بیەوێت و نەیەوێت شەپۆلێک فرمێسکی وەفاداری، لە چاوەکانیدا هەڵدەقوڵێن، هەر دڵۆپە فرمێسکێک هەزارو یەک یادو یادگاری، لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن، لە هەڵوێستی جوامێرانەو ئەمەکدارانەو مرۆییانەو کوردانەی ئەو پیاوە کەم وێنەیە، کە زۆر بە ئاسانی و لەماوەیەکی ئێجگار کورتدا جێگەی خۆی لە شوێنە پیرۆزەکانی دڵی بنیادەمدا دەکردەوەو بە ئاسانی لێی جودا نەدەبۆوە.
حاڵەتی دووهەمیان ئەوەیە کە کەم کەس هەتا نووکەش دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە پێناسێکی پڕ بەپێست بۆ ئیدریس بارزانی دابنێن، چونکە ئەو پیاوە گەورەیە پڕە لە پێناسەی جوان، بنیادەم نازانێت، باسی کامیان بکات، لەکوێ دەست پێ بکات و لەکوێ کۆتایی پێ بێنێ!
ڕەنگە زۆرترین پێناسە لە دەرەنجامدا بەرەو ئەو ئاقارە بشکێتەوە کە ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە کەم وێنەیە بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوایەتیماندا کە وەک کاک مسعود خۆی باسی دەکات و دەڵێت: (دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاکو بێ گەردی بارزانیی نەمر بوو هەموو سیفاتی لەودا کۆببوونەوە)
هۆکاری بنەڕەتی ئەو لەیەکچوونەی نێوان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە

زیندوو ئەوەبوو کە کاک ئیدریس یەکێک بووە لە نزیکە هەرە لە پێشەوەکانی بارزانیی نەمر و هەمیشە وەک سێبەر لێی جودانەبۆتەوە، بۆیە خەسڵەتە پیرۆزەکانی ئەوی بە خۆوە هەڵگرتبوو، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە وێنەیەک بێت لە فیکر و هەڵوێست و سیاسەت و عەدالەتی ئەو سەرکردە گەورەیە کە بەو خەسڵەتە کەم وێنانەی خۆی ببوو بە خۆشەویستیی کورد و ناونیشانی کورد و هیوای کورد .
کاک ئیدریس توانی سوود لە ئەزموونە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی بارزانیی نەمر ببینێ و ئەو دەرفەتە هەڵقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەو کاروانە دوورو درێژەی خەباتی پارتی، ڕۆڵی خۆی ببینێ لە خزمەتی کورد ودۆزی کورد، ئەوەبوو لەتەمەنێکی زوودا هاتە ناو کۆڕی خەباتی کوردایەتی.
خودی بارزانیی نەمریش بە ئومێدی ئەوەبوو کە لە نێو ڕیزەکانی پارتیدا ئەو سەرکردە هەڵکەوتووانە بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی برەو بەو ڕێبازە پیرۆزە بدەن و بە ئەمانەتەوە بیپارێزن.
ئەوەبوو دوای ماڵئاوایی کردنی بارزانیی نەمر، ئەو شۆڕەسوارانە توانیان بەردەوامی بەشۆڕشی گوڵان بدەن و ئەو بوارەیان نە ڕەخساند کە ئەو مەشخەڵەی بارزانیی نەمر هەڵی کرد، تا ڕۆژی ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت دامرکێتەوە.

**حەیدەر عەبدولڕەحمان**

## 13 پاییزە ئەستێرەیەک لە ئاسمانی کوردستاندا ئاوا بووە

**بۆتان جەلال**

سێزدە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ١٩٨٧/١/٣١ لە ڕۆژێکی سەرماو سۆڵەی زستانی کوردستانی ئێراندا، دڵە گەورەکەی کاکە (ئیدریس بارزانی) لە لێدان کەوت، لە ڕۆژێکدا لەبەر چاوان ون بوو، کە هەر هەموو میللەتی کورد پێویستی بە کردارو وتاری ئەو سەرکردەیە هەبوو، مخابن کۆچی دوایی ئەم پاڵەوانە زیانێکی گەورەی بە میللەتی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشی، کە تا ئەبەد جێگا پەنجەی تێکۆشانی ئەم شاسوارە ماندوونەناسە لەسەر لاپەڕە پرشنگدارەکانی خەباتی پێشمەرگایەتی و سیاسیی کوردستان هەر دەمێنێ و مایەی فەخرو شانازی هەر کوردێکیشە لە هەر کوێیەکی کوردستانی گەورە بێت.
«ئیدریس بارزانی» بەر لەوەی پێشمەرگەیەکی نەترس و خەباتگێڕێکی هەناسە درێژو سیاسەتمەدارێکی بە تواناو لێهاتوو بێت، مرۆڤێکی دڵ گەورەو بەخشندەو بە ئەمەک بوو، لەناو ریزی هەڤاڵ و پێشمەرگەو سەرجەم خەڵکی دا پیاوێکی بەڕێزو خۆشەویست بوو.
ئەگەر پیلانی ١٩٧٥ قەدەرێکی شوومی کورد بوو، بەڵام ڕۆڵی جەربەزەیی ئیدریس بارزانی وای کرد پشکۆی ئاگری شۆڕشی گوڵان بڵێسە بسێنێ و نورو روناکی بخاتەوە بەردەم ڕێگای پێشمەرگەو ورەی بێنێتەوە بەری و هێزو گوڕ بخاتەوە جەستەی، جارێکی دیکە هەڤاڵانی کاروانە نەپساوەکەی بارزانی تفەنگ بەرووی دوژمنانیان بەرز بکەنەوەو بانگەوازی شۆڕشێکی نوێ بە گوێی ناحەزان و دوژمنانی میللەت و پارتی بچرپێنن.
هەر کاتێکیش (ئاشتی) پێویستییەکی زەروری بەردەم میللەت و پێشمەرگە بووایە، ئەوا ڕۆڵی ئیدریس بارزانی دیاربوو، کە چۆن هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کورد بە هەموو گروپ و حزب و لایەنەکانییەوە لەژێر یەک ڕەشماڵی گەورەی کوردایەتی دا کۆبکاتەوەو-تۆ-ی خۆشەویستی و تەبایی و برایەتی لە نێوانیاندا بچێنێ و دڵڕەقی و قین و کینەو زۆر ئاراستەیی و لابەلایی وەلابنێت و هەموویان بۆ یەک ئاراستەو ئەنجام ڕێک بخات و بیانخاتە سەر یەک تاکە ڕێگا، بۆیە لە خۆڕایی نەبوو کە بە (ئەندازیاری بەرەی کوردستانی) ناوزەد کرا، ئەم هەوڵ و کۆششانەی کاک ئیدریس تەواو لەگەڵ نیەت و نیازی پاکی و ویژدانی یەکیان دەگرتەوە کە هەموو کاتێک تاکە ئاواتی کاکە ئیدریس ئەوە بووە کە کوردستان بە سەربەستی و میللەت بە ئازادی و سەرفرازی ببینێت.
ئەمڕۆ کە (١٣) ساڵ بەسەر ئاوابوونی ئەم ئەستێرە درەوشاوەیەی ئاسمانی کوردستان تێدەپەڕێت، هەموومان خوازیاربووین کە کاکە (ئیدریس)یش لەگەڵمان بووایەو بە چاوی خۆی بەرهەمی خەباتی (٥٤) ساڵەی حزبە تێکۆشەرەکەیی و ڕێبازە هەمیشە زیندووەکەی (بارزانیی نەمر) ببینێ، تاوێک دڵی بەو ئارامی و ئاوەدانکردنەوەیە بگەشابووایەوە کە ئێستا لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو وڵاتی گرتۆتەوەو وڵات ئاوەدانەو میللەت ئاسودەو خۆش گوزەرانە. ئەگەرچی ئەو خۆزگەیەمان نایەتەدی، بەڵام هەموو لایەکمان دڵنیات دەکەینەوە کە ڕێگا نادەین هیچ ناحەزو دوژمنێک ئەوەی بە فرمێسکی چاوی هەزارەها دایکی شەهید بنیادنراوە جارێکی دیکە بکەوێتەوە بەر ڕەشەبای شووم، دڵنیات دەکەینەوە خەون و ئاوات و حەزە پیرۆزەکانت لەسەر دەستی هەڤاڵە تێکۆشەرەکانت و کاک (مسعود بارزانی) و سەرجەم میللەت، زیاتر دەهێنینە دەست و پەرەی پێدەدەین و ئایندەیەکی گەش بۆ منداڵە شەهیدەکان دابین دەکەین. لە ساڵیادی سێنزەمین ساڵەی کۆچی دوایت، هەزار سڵاو لە گیانی پاکت بێ، دڵنیابە تۆ لەنێو دڵ و دەروون و ڕۆحمان دایت تا ئەبەد.

## ئیدریس بارزانی لە دیدی شاعیرانەی مام هەژاردا



ئیدریس دڵسۆزی هەژاران / مایەی خۆشی و گەشەی یاران
زراو تۆقێنی کورد کوژان / چقڵی گلێنەی خوێنمژان
گوڵی خانەدانی بارزان / وریاو پاگژو لە کارزان
ئەستێرەی ڕێنموونی گەل / ناوەخت ئاوابوو لەکەل

## د. عەبدوڵڵا ئاگرین لە ئێوارە کۆڕێکدا

دوێنێ کاتژمێر (٢,٥) پاش نیوەڕۆ، بە ئامادەبوونی بەڕێز قادر جەباری بەرپرسی لقی چواری پارتیمان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و جەماوەرێکی زۆر، لە چوارچێوەی زنجیرە چالاکییەکانی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتیمان، ئێوارە کۆڕێک بۆ دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین ـ لە بارەگای لق ـ بەناونیشان (مێژووی پەیوەندییەکان و جۆرەکانی) ساز کرد کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

## مێشکی ئەنشتاین لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا

دوای مردنی ئەنشتاین- زاناکان مێشکی ئەنشتاینیان پاراست و لەو ساتەوە تاوەکو ئەمڕۆکە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانەیان لا ئاشکرابێت کە ئەنشتاینیان کرد بەو زانا گەورەیە.



سەرەتا دوای چەندین لێکۆڵینەوە زاناکان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانکۆی ماکماستر لەسەر تەواوی مێشکی ئەنشتاین ئەنجامی دا دەرکەوت کە ئەو بەشە مێشکەی دەکەوێتە دیواری خوارەوە و پشتەوەی پارچەی مێشک لە هەردوولاوە بە بڕی ١,١٥ لە مێشکی خەڵکی ئاسایی دیکە بەرینترە.
لەلایەکی دیکەوە نەخشەی مێشکی ئەنشتاین وەک دکتۆرە (ساندرا وتلسون)ی پسپۆڕ لە مێشک دەڵێت: ئەو نەخشەیە لە نەخشەی مێشکی کەسانی دیکە ناکات لە کێش و قەوارەشدا ڕەنگە ئەوەبێت وای کردبێت کە ئەنشتاین ببێت بە پیاوێکی بلیمەت.

## چاپکراوی نوێ



(ساڵنامەی کوردی ساڵی ٢٧٠٠) کتێبێکی تازە چاپکراوی برای نووسەر (کازم کوێی)یە کە لەم ڕۆژانەدا کەوتە بەردەستی خوێنەران، نووسەر لەم کتێبەیدا هەوڵێکی نوێی ڕێکخستنی مانگە کوردییەکانی بە شێوەیەکی نوێ داوە، ئەم هەوڵەش دەوڵەمەندکردنی بواری ڕێکخستنی ساڵنامەی کوردییە، هیوای سەروکەتنی بۆ دەخوازین.

## مۆزەخانەی ناودارەکان



گەلانی دنیا زۆر بە بایەخەوە پاشماوەی گەورە سەرکردەو ناودارەکانی خۆیان دەپارێزن و موزەخانەی لێ دروست دەکەن، نەوەی ئایندە لەو مۆزەخانانەوە ئەو ناودارانە دەناسن ئەوەتا پاشماوەکانی ئەتاتورک- لە تورکیا هەموو وەک خۆی پارێزراوە، هەر لە ژووری نوستن و گۆچان و کڵاوو وێنە هەڵواسراوەکانی تا دەگاتە ئەو دار هەنارەی حەوشەش کە ئەتاتورک بە دەستەکانی خۆی چاندبووی.

## تیپی کامگاران و ئەلبومی گۆرانی ٢٠٠٠



تیپی کامگاران بە سەرپەرشتی هونەرمەندی دەنگ خۆش بێژەن کامگار ئەلبومی ساڵی ٢٠٠٠یان بڵاوکردەوە کە تیایدا ٨ گۆرانی بەخۆوە گرتووە گۆرانییەکانیش ئەمانەن. (کانی سپی، گوڵی بەهاران، گوڵی سوور، مەگری، ڕێم بەردە بابڕۆم، دڵێکم بوو، هەر با مجنون بم، بەوبەو).
شایانی باسە کە تیپی ناوبراو لەو ماوەیەدا چەندین ئاهەنگی بەجۆشیان لە چەندین وڵاتی دنیادا پێشکەش کردو خەڵکانێکی زۆری ئەو وڵاتانەیان هێنایە هەژان.

## بچووکترین تابلۆی (مۆنالیزا) لە جیهاندا



تابلۆی مۆنالیزا، ئەو بەرهەمە هونەرییە پڕ داهێنانەیە، کە هونەرمەندی گەورەی جیهانی (لیۆناردۆ دافینشی) لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتاڵیا بەرهەمی هێناوە، کەوێنەی کچە شۆخ (جیۆکەندایە). ئەم تابلۆیە سەرنجی زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندان و ڕەخنەگرو خەڵکی ئارەزومەندی ڕاکێشاوە، بەهۆی ئەو خەندەی کە لەسەر لێوانییەتی و جۆرێک لە سیحری شاراوەی جوانی تێدایە، هەر ئەمەشە وای کردووە هونەرمەندان، پێی سەرسام بن و هەندیکیشیان لاسایی بکەنەوەو جل و بەرگی بگۆڕن و شێوەو ڕوخساری تابلۆکە بە جۆرێکی تر دا بڕێژنەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەم تابلۆ بچووکەیە کە هونەرمەندی فەرەنسی (ئەیف جیرۆ) دروستی کردووەو بە بچووکترین قەبارە بەرهەمی هێناوە، کە ئەندازەکەی تەنها (٩×١٣)ملم-ە کە دەکاتە (٣٥٠٠) جار بچووکتر لە تابلۆ سەرەکییەکەی (لیۆناردۆ دافنشی)، ئەم تابلۆیەی (ئەیف جیرۆ) لەسەر قوماش ڕەسم کراوە بەهۆی ڕەنگی ڕۆنی و مەرەکەبی سینی، و(٧٥) کاتژمێری ویستووە تا تەواو بووە، ئەم تابلۆیە ئێستا لە بچووکترین مۆزەخانەی دونیا کە لەناو قەباخی شخارتەیەکە پارێزراوە لای هونەرمەند خۆی.
**ئا/محەمەد هاشم**

## بەرنامەکانی ئەمڕۆ ئێوارەی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان

سەعات 20-23



20.00:کرانەوەی تەلەفزیۆن بەناوی خوای مەزن، 20.01: مۆسیقای چەمی ڕێزان، 20.03: بەرنامەی پەپوولەکانی کوردستان، 20.22: گۆرانی و ئاوازی کوردی، - گۆرانی نامەی ئەڤینێ : محەمەد عەزیز شاکر، مۆسیقای گەشتی دووری، 20.30:: ڕۆژنامەوانی، 20.40: پرۆگرامی سپۆرت - پێشکێش: دلێر فازڵ،21.00: دەنگوباس،21.20:لە سێزدەمین ساڵوەگەڕی ماڵئاوایی کاک ئیدریس بارزانیدا - پێشکێش: کامیل فەخرەدین، 22.02: پرۆگرامی چاندو هونەر-پێشکێش: زیاد عابد، 22.30: کوردستانی ئەمڕۆ (بەزمانی عەرەبی) ،22.50: گۆرانی و ئاوازی کوردی.22.55: ماڵئاوایی بە مۆسیقای چەمی ڕێزان.


چۆن پێوەندی بە تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان دەکەیت؟
لە ڕێگەی بگۆڕی دەزگا: 33283 - 33288 - 5498
لەڕێگەی پرسگە: 33285 فاکس: 32268
(هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی بگۆڕی دەزگاشەوە فاکس داوا بکەن)
نووسینگەی هەولێر بۆ دەنگ و باس و بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی هونەری:
21691-5704
نووسینگەی دهۆک: 2430